وەزارەتی ناوخۆی عێراق وردەکاری پلانێ ئەمنییەکانی بۆ جەژنی قوربان ڕاوکردووە



ئەمڕۆ دووشەممە،وەزارەتی ناوخۆی عێراق وردەکارییەکانی پلانی ئەمنی جەژنی قوربانی ڕاوکردووە ،ئاماژەیپێکرد، داخستنی ڕێگاوبانەکان ناگرێتەوە و پشت بە زانیاری و هەواڵە هەواڵگرییەکان دەبەستێت.

 عەباس بەهادلی، وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دڵێت، وەزارەتی ناوخۆ دەستیکردووە بە داشتنی پلانێك بۆ جەژنی قوربان بە سەرپەرشتی عەبدولئەمیر شەمەری، وەزیری ناوخۆ.

وتیشی، پلانەکە داخستنی ڕێگاوبانەکان لەخۆناگرێت و پشت بە هەوڵی هەواڵگری و هاوکاری هاوڵاتیان دەبەستێت و دووریە لە بڵاوەپێکردنی هەز لە شارەکان.

ئاماژەی بەوەشکرد، پلانەکە ئەمڕۆ دەستیپێکردووە و ئاسایشی بازاڕ و مزگەوت و شوێنە بازرگانییەکان لەخۆدەگرێت پێش جەژن و لەکاتی جەژنیشدا بەردەوام دەبێت، جگە لە

دەستەبەرکردنی مەزارگەی پیرەزەکان و مزگەوت و شوێنی پەرستن و گۆڕستان و پارکەکان و شوێنەکانی کات بەسەربردن.

باسی لەوەشکردووە، پلانەکەی جێگیرکردنی دەوریەی فریاگوزاری لەسەرجەم پارێزگاکان لەخۆدەگرێت بۆ پاراستنیان و بەدواداچوونی ئەو کەسانەی کە چەکی ئاگرین بەکاردەهێنن، جگە لە جێگیرکردنی یەکەکانی بەرگری شارستانی لە شوێنە گشتیەکان.